بەش: باخچەی منداڵان
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
بەروار: 2023 / 12/ 13

تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی یەکەم
2024 – 2023

بابەت: دەروونزانی پەروەردەیی
قۆناغ: دووەم
خول: یەکەم
کات: 2 کاتژمێر

**پ1 : پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە: تەنها (4دانە)** **(12نمرە)**

1.فیدباک 2. پاداشتی نێگەتیڤ 3.تیۆری کپکردن 4.دەروونزانی پەروەردەیی 5.فێربوونی چارەسەری کێشەکان

**پ2 : ڕاست و هەڵە دەست نیشان بکە لەمانەی خوارەوە و هەڵەکانیش ڕاست بکەرەوە:** **(10نمرە)**

1. تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بە نەرمی و سەربەست بوون جیادەکرێتەوە.
2. پراکتیزەنەکردنی زانیارییەکانی بەدەست هاتوو هۆکارە بۆ لە بیرچوونەوە لە تیۆری کۆد دانان.
3. لە تیۆری مەرجی کرداریدا لە بڕی سزادان هەوڵی بێبەشکردنی منداڵ لە پاداشت بەکاربێت.
4. وەڵامدانەوەی مەرجی لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی ورووژێنەری بێلایەن بە ورووژێنەری سروشتی.
5. کاتێک منداڵ دایکی دەبینێ دڵێ دایە ،ئەوا جۆرێکە لە جۆرەکانی فێربوونی جیاکاری.

**پ3 : ئەم بۆشاییانەی خوارەوە تەواو بکە:** **(10نمرە)**

1. بیری کورت خایەن کەوتۆتە نێوان.................. بۆ پێشوازیکردن لە زانیارییەکانی یادگەی هەستی.
2. ئەو زانیاریانەی کە مرۆڤ ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە وەکو زانیاری و خووەکان لە پرۆسەی ...........
3. تیۆری ثۆرندایك جەخت دەکاتە سەر گرنگی فێربوون لە ڕێگەی................ بۆچارەسەری گرفتەکان.
4. لەناوبردنی زۆر ڕەفتاری نابەجێی منداڵان لە کاتی نووسین وبیرکاری تووشیان دەبن بەپێی یاسای...........
5. چوون یەکی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی ............................

**پ4 : لەمانەی خوارەوە بدوێ:**

**أ-** بە بۆچوونی سکنەر ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانە چین کەوا لە تیۆرەکەیدا دیاریکرد؟ڕوونیان بکەرەوە؟ **(5نمرە)**

**ب-** ئەو هۆکارانە چین کەوا کاردەکەنە سەر پرۆسەی بیرهاتنەوە لە لای مروڤ؟ڕوونیان بکەرەوە؟ **(6نمرە)**

**پ5 : وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە:**

**أ-** جیاوازی لە نێوان فێرکردن و فێربوون بکە. **(6نمرە)**

**ب-** سوودە پەروەردەییەکانی تیۆری جانیە بنووسە. **(5نمرە)**

**ج -** پێکهاتەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە تەنها بژمێرە. **(6نمرە)**

**بەهیوای سەرکەوتنتان**

**مامۆستای بابەت : م.ی.نهلە نورالدين محمد**